# ئەمجەدخەباتکارێکی بێگەردو بە دڵەوە نزیک بوو !



نوسراوەیەک لە: مەلەکەی مستەفا سوڵتانی

## دەورانی منداڵی:

لە ڕێکەوتی ٢٣ ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی ، لە بنەماڵەکەمان کوڕێک لە دایک بوو کە ناوی ئەمجەدیان بۆ هەڵبژارد. ئەمجەد لە دەڤەری مەریوان و لە ئاوایی ئاڵمانە لە دایک بوو . لە هەمان زیدی خۆی یانی ئاڵمانە چوە مەدرەسە وتا پۆلی چوارەمی سەرەتایی لەوی خوێند .لە ئاخری مانگی خەرمانان بە پێ پلانی دایک و باوک ، هەر وەک برا گەورەکانی بۆ ئیدامەی خوێندن، ئاڵمانەی بە جێ هێشت و بەرەو شاری سنە ڕۆیشت . لە پاڵ براکانی قوناغێکی نوێ و نامۆی لە ژیان دەست پێ کرد. ئەمجەدلە پۆلی پێنجمی سەرەتایی مەدرەسەی سەعدی کە لە گەڕەکی قەتارچیانی سنە هەڵکەوتوە وەر گیرا .

شێوەیەکی نائاسیی لە ژیان بۆ منداڵێکی دەساڵان ، کە دەبوا سەدان و هەزاران کیلومیتر لە کۆشی پڕ لە نەوازش و میهرەبانی دایک و باوک و شوێنی ژیان و ، هاپۆل و هاوڕێیکانی دوور بێت . سەرباری غەریبی و ژیان لە دوورەوی بنەماڵە و هەموو کۆسپ و گرفتە کۆمەڵایەتیەکان، دەبوا هەندی بەرپرسیارەتی و بەشێک لە ئەرکی ژیانی رۆژانە خۆی لە ئەستۆ گرێت . ئەم بار و دۆخە تازەیە هەرگیزبۆ ئەمجەد ئاسان نەبوو .دەرباز بوون لەم بارودۆخە دژوارە ، ئەزمون و هیلاک بوونی دەویست کە بە تێپەر بوونی زەمان، هەل و مەرجی گونجاو بۆ ئەمجەد رەخسا ودەستەبەر بوو .ئەمجەد لە پرۆسەی ئەو ژیانە تاڵ و سەختەدا و ، بە کرداری هەستیارانە ، هەنگاو بە هەنگاو بە سەر ژیانی غەریبی و نامۆ و بێگانەدا سەر کەوت و، بە شێوەیەکی جیددی توانی خۆی لە گەڵ بار و دۆخی تازە هاوڕەوت بکا و بگونجێنێت .

تەمەنی ڕەزا و ئەمجەد تەقریبەن نزیک بەیەک بوو و هەر بۆیە هەمیشە لە مەدرەسەش هاوپۆل بوون . هەموو دەورانەکانی ژیانیان پێکەوە بوون و ئەم نزیکی و هاوپۆل بوونە و، تەمەنی

خوارەوەیان لەو بارودۆخە سەختە چ وەک برا و چ وەک هاوڕێ بۆ هەردووکیان یارمەتیدەر و بە قازانجیان تەواو بوو . هەروەها ناتوانین تەئسیر و یارمەتی و دڵسۆزی و هەستی بەرپرسیارەتی برا گەورەکان ، ماموستا میهرەبان و دڵسۆزەکان و خاوەن ماڵی قەدر گران و خۆشەویست ئوستاد عەلی وەرزەندگان و هاوسەری مریەم خانم ئەوەیسی کە لە کۆڵانی شاویسی ژمارە سیزدە ی قەتارچیان، دەژیان لە پرۆسەی کارئاسانی و هەموار کردنی گرفت و کۆسپە دژوارەکان لە بەر چاو نەگرین .کە ئەو یارمەتیانە شیاوی قەدەردانی و پێزانینە .

لە دەورانی خوێندن ئەگەر چی کاک ئەمجەد تەمەنی زۆر نە بوو ، بەڵام خێرا نیشانی دا و سەلماندی کە نیسبەت بە هەموو شتێک هەستی بەرپرسیارەتی هەیە . ئەمجەد بە شێوازی جۆراوجۆر دڵسۆزی و میهرەبانی خۆی لە ژیانی ڕۆژانەدا نیشان دەدا .ئەو ڕۆژانەی کە نۆبەی خزمەتگوزاری ماڵە کەیان بوو و ئەمجەد دەبوایە بەرپرسی ڕاپەڕاندنی چێشت لێنان و چایی دەم کردن و خاوێن کردنەوەی ژوورەکەیان بوایە ، لە ئاستێکی بەرزدا، دڵسۆزانە و جیددی کارەکانی ڕادەپەڕاند ودەیکرد و هەمووانی شاد دەکرد و فەزای ماڵەکەی دڵگیر دەکرد . هەڵسەنگاندنی ئاستی تێگەیشتن لە ساڵی هەوەڵی غەریبی و خوێندن لەشاری سنە و ،فاکتوری جیاوازیە فەرهەنگی و کولتوریەکان، بە نیسبەت ئەمجەد و هاوپۆلەکانیەوە بێ ئەندازە سەرەنج ڕاکێش بوو ، بەڵام ئەمجەد بە تێکۆشانی زۆرتر و خۆ ماندووکردن بە ئاستێک گەیشت و بە سەرکەوتوویی دەرجەی باشی وەر گرت . ئەمجەد پێگەی کۆمەڵایەتی و مەعنەوی بەرزی ، هەم لە پۆلەکەدا و هەم لە مەدرەسەکەدا بەدەس هێنابوو .



زمستان ۱۳٤۵ از راست به چپ ردیف اول زلیخایی فرجی ماجد باخویشی چوری اسعد طاهر ننه کیخسرو شهید ناصر عزیزه طلعت صف دوم شهید احمد رضا جعفر شهید امجد طاهر کهنه پوشی تیمور شهلا ملکه .

## مەدرەسەی ڕێ پێشاندەری(ڕاهنمایی ) خاقانی !

ساڵی خوێندنی ۱۳۵۱- ۱۳۵۰ هەتاوی یەکەمین دەورەی سیستەمی پەروەردە و بارهێنانی نوێ لە ئێراندا دەستی بەکار کرد . پاش پۆلی پێنجمی سەرەتایی ، دەورەی سێ ساڵەی بەر لە دەست

پێکردنی دەبیرستان ، لە مەدرەسەی- ڕێ پێشاندەر خوێندنی نوێ- بەردەوام بوو . ئەمجەد لە یەکەمین دەورەی سیستەمی نوێ ، لە مەدرەسەی خاقانی وەر گیرا . ئەگەرچی ناوەڕۆکی وانەکان ، بە نیسبەت سیستەمی پێشوو ئاڵ و گۆڕی بنەرەتی بەسەردا هاتبوو ، ئەمجەر ئەم دەورانەی بە سەر کەوتوویی تەواو کرد . سەرجەم وکۆبەندی دەورەکانی دەبیرەستان ، بە بوار گەلی جامیع، نەزەری ، کشت و کاڵ و خزمەتگوزاری، دابەش کرابوو . ئەمجەد لە تاقی کردنەوەکاندا دەرجەی باڵای بەدەست هێنا و هەر بۆیە ئیجازەو دەرفەتی هەڵبژاردنی هەموو بوارەکانی هەبوو . بارو دۆخی سیاسی بنەماڵە ، کە لەو قۆناغەدا ئاشنایی و تێکەڵ بوون لە گەڵ ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشاندا گرینگ بوو ،لە سەر بژاردەی ئەمجەد بە مەبەستی خوێندنی دەبیرەستان کاردانەوەی ڕاستەوخۆی هەبوو . ئەمجەد بواری پیشەسازی و سەنعەتی هەڵبژارد . لەو پرۆسەیەدا کاری فەننی فێر دەبوو و پاش تەواو کردنی دەبیرستان و هاوکات ئیش کردن لە ناو ڕەنجبەراندا ، ئەوانی بۆ خەبات و ژیانی باشتر هاندەدا و تێدەگەیاند . برا گەورەکانی ئەمجەد پاش تەواو کردنی دەبیرستان لە شاری سنە، بۆ ئیدامەی خوێندی لە زانستگاکان ، بەرەو شارەکانی تەورێز و تاران ڕۆیشتبوون . ئەمجەد بەرپرسی ئەو برایانە کە لە خۆی چکۆلەتر بوون لە ئەستۆ گرت . لە پاڵ دەرس خوێندن بە نیسبەت براکانی جیددی و فیداکار و دڵسۆز بوو . ئیتر پاش تەواو کردنی دەورەی ڕێپێشاندەر بەمەبەستی فێر بوونی زانست و شتی فەننی و بە ئاماجێکی دیارکراوەوە لە هونەرەستانی سەنعەتی سنە وەر گیرا .



ساڵ ١٣٥٤ لە ڕاستەوە ڕوزبە سەیار ، ماجید و ئەمجەد

## هونەرەستانی سەنعەتی سنە !

ئەمجەد لە ساڵەکانی ١٣٥٦ تا ١٣٥٣ هەتاوی ، بواری کارەبای لە هونەرەستانی سەنعەتی سنە هەڵبژارد و خوێند. لەم دەورانەدا لە گەڵ بیر و ئەندێشەی سیاسی و پرۆسەی نابەرابەری و بێ عەدالەتی و هەڵاواردنی ناو کۆمەڵگا ئاشنا بوو . ئەمجەد خۆی نموونەی کەسێک بوو کە بە هۆی نەبوونی ئیمکانات و دەرفەتەکان و خوێندنی دوور لە شوێنی ژیانی و لە بنەماڵە ، ناچار بوو مەحرومیەتگەلێک قەبوڵ کات . ولە دەورانی غەریبی ، لە نەوازش و میهرەبانی باوک و دایک

بێ بەش بوو و ئەم دیاردەیەی بەدڵ ئاوڵەیەوە وەر گرت و قەبوڵی کرد و بەرەو ڕووی گیر و گرفت و ژیانی سەخت بوەوە .

ئەم دەورانە لە ژیانی ئەمجەد ، هاوکات لە گەڵ خەباتی جووتیارانی دارسیران لە دەڤەری مەریوان بوو ،کەڕژیمی شا ڕاستەوخۆ لە مالکەکان و فیئودالەکان ،پشتیوانی دەکرد و دژی جەماوەری بێ بەش و مەحروومی دارسیران پیلانی دەگێڕا و دژایەتی دەکرد . شێوەی خەبات لەو هەل و مەرجە دا، کە دیکتاتوری و سەرکوتی ڕژیمی دیکتاتوری شا داسەپابوو ، نرخی گران و سەرنجی هەموو تێکۆشەرانی سیاسی و چەپی کوردستانی ڕاکێشابوو .تەقریبەن هەواڵی ڕۆژانەی خەبات و بەرخودانی جەماوەری دانیشتووی دارسیران بە شێوەی جۆراوجۆر بڵاو دەبوەوە . ئەم هەوالآنە ماتریالی جوان و ناسک بۆ مێشکی فەعالی ئەمجەد بوون و ئەمجەد خەباتی خەڵکی داسیرانی بە فورمی وێنە و نەقاشی دەردەهێنا و دەیکێشا .ئەمجەد و ڕەزا لە گەڵ هەندی لە هاوڕێیان و لە وانە عەبدواللەی زەکەریایی و گیانبەخت کردوو جەلیل زەکەریایی کۆڕێکی خوێندنەوەی کتێبی سیاسیان پێک هێنابوو .کە ئەم چەشنە کۆڕانە بە مەبەستی بردنە سەرەوەی زانیاری سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان پێویست بوو و هەر لەو کۆڕانەدا پولیمیک و باسی گەرمی سیاسی ، سەبارەت بە ناوەڕۆکی کتێبەکان و فیلمی سینەمائی دەکرا و ئاڵ و گۆڕی ئەندێشە و فیکری دەستەبەر دەکرد . دەورانی دەبیرستانی ئەمجەد هاوکات لە گەڵ گەشەی زانیاری سیاسی ، ئاشنایی لە گەڵ ئەندێشەی چەپ و خەبات دژی ڕژیمی شا بوو .لەم بوارانەدا دیل و زیندانی کردنی کاک فوئاد کاردانەوی ڕاستەوخۆی لە سەر هەڵویستەکانی ئەمجەد هەبوو . لەم پێڤاژەیەدا بەستێنی پەیوەندی لە گەڵ ڕووناکبیرانی شۆڕشگێڕ و هاورێیان بۆ ئەمجەد پێک هات و سەرجەم هەڵ و مەرجەکە پاڵ پێوەنەری ئەمجە بوون کە دژی ڕژیمی شا خەباتی دەستی پێکرد . هەڵاواردن وەک دیاردەیەکی ئاشکرا لە کوردستان، لە بەراورد لە گەڵ شارەکانی تری ئێران لە بەستێنی ئیمکانات و ئامێرە فەنیەکانی هونەرستان و ژمارەی ماموستای هەڵکەوتوو و شارەزا و لە وانە بناغەکانی کارەبا دیار و بەرچاو بوو . پاش تێپەڕ بوونی دووساڵ لە هونەرستان ، ئەمجە لە پرۆسەی فێر کردن و بارهێنان و دەسکەوتە فەنییەکان خۆی و چەندایەتی و چۆنایەتی وانەکان ڕازی نەبوو . ئەگەر چی ئەمجەد هەڵبژاردنی ژیانی کرێکارانی سەنعەتی ئامانجی بوو و بواری کارەبای خوێند ، بەڵام لە سالی سێهەمی دەبیرستان خاڵی وەرچەرخان لە بیر و هەڵویستی ئەمجەد خۆی نیشان دا . و بڕیاری دا کە پلەی باڵا وبواری زانستگا بخوێنێت . بۆ قەرەبوکردنەوەی و گەشەی زانیاریەکانی لە وانە بناغیەکان وەکو فیزیا، کیمیا، ماتماتیک ، بە هەموو هێزیەوە خۆی بۆ تاقی کردنەوەکانی ساڵی ئاخری هونەرستان ئامادە کرد و بە دەرجەی فرە بەرزەوە دیپلۆمی وەر گرت . پاشان لە بواری سەخت و دژواری تاقی کردنەوەکانی زانستگاکانی ئێران بەشداری کرد و لە ڕشتەی موهەندیسی کە بە ژیانی دێهاتەوە پەیوەندی هەبوو و لە شاری هەمەدان و چەند زانکۆ شارەکانی تری ئێران وەر گیرا . لە پووشپەڕی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی کاتێک زیندانیە سیاسیەکانی شاری سنە بە ڕێبەری کاریزمائاسای کاک فوئاد لە خواردن بۆ ماوەی ٢٤ ڕۆژ مانیان گرت ، ژمارەیەک لە بنەماڵەکان ، دۆستان و ئاشنایانی زیندانیە سیاسیەکان و توێژێکی بەر بڵاو لە تێکۆشەرانی کۆمەڵە و

شارۆمەندانی شاری سنە و مەریوان و بە مەبەستی پشتیوانی لە خواستی ڕەوا و ئینسانی زیندانیە سیاسیەکان لە بینای دادگوستەری سنە دانیشتن و ئیعترازیان کرد .ئەمجەد یەکێک لە بەشدار بوەکان بوو . پولیس و کاربەدەستانی ساواک هێرشیان کردە سەر هەموو نارازیەکانی بینای دادگوستەری و ئەم پرۆسەیە پەرەی سەند وبۆ یەکەم جار لە شاری سنە ئیعترازی ئاشکرای ناو شەقامەکانی لێ کەوتەوە . ئەمجەد یەکێک لە تێکۆشەرانی هەموو پرۆسەی مانگرتنی ناو بێنای دادگوستەری و ئیعترازی سەر شەقامەکان بوو .



سالی 1353 لە راستەوە حشمەت، ئەمجەد،رەزا ، بابەک، ئەحاماخە

## خوێندنی زانکۆ لە شاری ورمێ !

ئەمجەد پاش وەر گرتنی دیپلۆم لە هونەرستانی سەنعەتی سنە لە ساڵی ١٣٥٧ ،بۆ ئیدامەی خوێندن لە بواری پەروەردەی موعەلیمی فەننی وشارەزا لە زانکۆ، چوەزانستگای ورمێ . ئەم دەورانە خەباتی گشتگیری جەماوەری خەڵکی ئێران دژی سیستەمی پاشایەتی و دیکتاتوری ڕەزا شا ، دەستی پێکردبوو . ئەمجەد لە ورمێ لە گەڵ ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی سیاسی و خوینکاری زانکۆ و تورک و کورد ئاشنا دەبێت ، کە پێکەوە لە هەڵسوڕانی سیاسی خوێندکارەکان بەشداری فەعال و لە بەر چاویان هەبوو . ئەمجەد تێکۆشەرێکی هەڵسوڕاوی بواری خەباتی دیموکراتیک ،مەدەنی وشۆڕشگێڕانەی ساڵەکانی ١٣٥٧ و ١٣٥٨ی شارەکانی مەریوان ، ورمێ و سنە بوو . ئەمجەد لە گشت بوارە سیاسیەکانی ئەو کاتانەی ئێران و لە کوردستان بەشدار بوو و ، رۆژێک بەشداری خەباتی شاری ورمێی دەکرد و رۆژێکی تر لەئاهەنگ و مەراسمی پێشوازی لە زیندانیانی سیاسی شاری سنە ئامادە و حازر بوو .

## دەورانی ڕاپەڕین!

پاش ڕاپەرینی شارۆمەندانی گشت ئێران، ئەمجەد بۆ شاری مەریوان گەڕایەوە و هەڵسوڕاوێکی خەباتی جەماوەری و ئازادیخوازانەی خەڵکی مەریوان بوو . لە پاییزی ساڵی ١٣٥٧ ماوەیەک بە مەبەستی کاری سیاسی و بە مەبەستی ئیش کردن چوە ئەهواز لە باشوری وڵاتی ئێران . لەئەهواز و لە نێو کرێکاراندا ئیشی کرد و ئەزمونی زۆری لە بەستێنی ڕەنج و مەینەتی کرێکاران

به دەس هێنا . ئەمجەد هاوکاری ڕاستەوخۆی کومیتەی خوێندکاران و قوتابیانی شاری مەریوانی دەکرد .



## ئەمجەد نەفری دووم

لە ڕۆژی ۲۳ی پووشپەڕی ۱۳۵۸ ی هەتای شارۆمەندانی مەریوان و دێهاتی دەور وبەر ، لە لایەن ڕەوتە سیاسیەکان یانی کانوونی موعەلیمان ، کومیتەی ژنانی مەریوان ، کانونی خوێندکاران و قوتابیان، ئیتحادیەی کرێکارانی بێکار بە مەبەستی ئیعتیراز و ناڕەزایەتی دەر بڕین بە نیسبەت ماسمێدیا و ڕادیو تلەڤیزیونەوە کە دژی خەڵکی کورد تاڵاو و ژەهری بڵاو دەکردەوە بانگەواز کران ، تا لە مارشێکی ئاشتی خوازانە بەشداری کەن . ڕادیو تلەڤیزیونی دەوڵەتی لەو کاتانەدا ژەهرپژێنی دەکرد و بەرنامەی ناڕەوای دەر حەق بە گەلی کورد بڵاو دەکردەوە . لە ئاخر و ئۆخری مارشەکە ، ئەندامانی مەکتەبی قورئان کە لە بینای ساواکدا سەنگەریان گرتبوو ، دەستیان بە تەقە کرد . لە ساتەکانی هەوەڵدا، سێ کەسیان لە ناو ئاپۆرەی ناڕازیەکاندا کوشت و ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون . ئەمجەد کە مرۆڤێکی ئومانیست و دڵی دلۆڤانی لێوالێو لە عاتیفە و میهرەبانی بۆ دۆستانی بوو، یەکێک لە بریندارەکانی ڕووداوەکە (جێ – عین ) دەکاتە کۆڵی و دەیباتە شەفاخانەی شار. لە کۆچی مێژووی خەڵکی مەریوان بەشداری فەعالی هەبوو ولە تەک هاوڕێی گیانبەخت کردوو جەلال نەسیمی لە کومیتەی دەستەبەر کردنی پێویستیەکانی ئوردووگا و تبلیغات و پڕوپاگاندەی ئوردووگا ڕێک خرابوو و ئازایانە هەڵدەسوڕا . بێ وچان و شەو ورۆژ بە سواری موتور سیکلت لە هات و چوی نێوان ئوردووگا و شاری مەریوان ، ئوردووگا و دێهاتی دەڤەرەکە، ئوردووگا و مارشی گەورەی ڕێپێوانی ئازادیخوازانی شاری سنە بوو . پاش دەستور و فەرمانی هێرشی خومینی بۆ سەر کوردستان لە خەرمانانی ساڵی ۱۳۵۸ی هەتاوی وتیرباران کردنی براکانم کاک حسین و کاک ئەمین لە سێی خەرمانان لە پادەگانی مەریوان و گیانبەخت کردنی کاک فوئاد لە نۆی خەرمانانی هەمان ساڵ ، ئەمجە بۆ ماوەیەک لە ناو هێزی پێشمەرگە ی کۆمەڵەدا هەڵدەسوڕا . واحیدێک لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە هاوکاری ڕاستەوخۆی پێشمەرگەکانی یەکێتی کە لە باشوری کوردستانەوە هاتبوون دەکرد . ئەمجەدیش لە گەڵ پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بەو واحیدە پەیوەس بوو و ماوەیەک لە گەڵیان کەوت و تا دەڤەری شاربازێڕ ،کە لە باشوری کوردستان هەڵکەوتوە ڕویشتبوو .



ئەمجەد هەواڵی تیرباران کردنی خەباتکاران و شۆڕشگێڕانی مەریوان  کە دوو کەسیان کاک حسین و کاک ئەمین بوون دەزانی ولەو هەواڵە سامناکە ئاگادار بوو .بەڵام لە گیانبەختکردنی کاک فوئاد ئەسڵەن ئاگادار نە بوو . شایانی باسە کە هەموو پێشمەرگەکان لەم کارەساتە دڵتەزین و کۆستە گەورەیە ئاگادار بوون ، بەڵام بۆ ئەوەی  برینەکانی دڵ و جەستەی ئەمجەد دیسان نەکولێتەوە ، هەمیشە هەڵسوکەوتیان بە شێوەیەک بووە ، کە ئەمجەد بەو کارەساتە قورس و دژوارە نەزانێت . پاشان ویستویانە بەجۆرێک ئەمجەد لەو کارەساتە ئاگادار کەنەوە .

پاش ماوەیەک ئەمجەد بریاری دیداری دایکم دەدا و بە هاوڕێیانی پێشمەرگە دەڵێت کە ئارەزومەندی دیداری بنەماڵە ودایکم لە ئاڵمانەیە .مانگێک لە نەمانی براکان تێپەر بووبوو  و هیشتا میوانی یەکجار زۆر ، بەمەبەستی هاودەردی و دڵنەوایی بنەماڵە ، لە ئاڵمانە حوزووریان هەبوو . کتوپڕ یەکێک لە ناسراوانی بنەماڵە  بە سیمای شڵەژاو و دڵەڕاوکێ زۆرەوە هاتە ژووری میوانەکان و گوتی: ئەمجەد گەڕاوەتەوە و لە مەرگی کاک فوئاد ئاگادار نیە و چ بکەین ؟

هەمووومان نیگەران و زۆر شپرزە و شلەژا بووین  وتەنانەت  ئۆقرەمان لێ برابوو ،کە چ بکەین ؟

دایە بەهیە وەک هەمیشە بە ورەی قایم و بێ سنوورەوە  هەوەڵ وینە و عەکسەکانی کاک فوئادی کۆ کردەوە و و گوتی تکایە هێچکامتان شتێک بە ئەمجەد مەڵێن و خۆم وەک دایکی، ئەو کارە دەکەم . هەمووومان پێشوازیمان لە ئەمجەد کرد . هەوەڵ کەڕەت بوو و تاسەی دیداری ئەمجەد دوای گیانبەختکردنی سێ براکەمان لە مێشکدا نەدەگونجا .  گریانی بە کوڵ و شیوەنی دانە دانەمان کارێکی ئاسایی و سروشتی بوو . یەکترمان بە دڵسۆزیی بێ وینەوە لە ئامێز گرت ، بەڵام ناکۆکی وجیاوازیەکانی لەوەدا بوو کە ئەمجەد تەنیا  شیوەنی بۆ دوو برا دەکرد و ئیمەیش هەمووومان شیوەنمان بۆ سێ برا دەکرد .پاش تاوێک دایکم ئەمجەدی ئارام کردەوە و پرسیاری کاک فوئادی لێکرد کە فوئاد لە کوێیە؟ ئایا فوئادت بینیوە ؟ ئەمجەد بە نیگەرانی و دڵە خۆرپێ زۆرەوە گوتی: لەم ماوەیەدا زۆر تاسەی دیداری کاک فوئادم کردبوو  . بۆ ئەو مەبەستە  لە بانە و مەریوان و سەردەشت ڕێگای دوور و درێژم  پێواو و هەرگیز ماندوویەتیم هەر نەدەناسی . ئەمما

به هەر جێگا و دەڤەرێک دەگەیشتم و پرسیاری کاک فوئادم دەکرد، دەیان گوت بۆ جێگایەکی تر ڕویشتوە . پاشان ئەمجەد گوتی : هەر ئەمڕۆ کە دەهاتمەوە بۆ ئاڵمانە چومە سەر مەزاری براکانم کاک حسین و کاک ئەمین لە تاڵەسوار . فرە سەرم سوڕما و شڵەژام ، چونکو قەبرێکی ترم لە پاڵ ئەواندا بینی وپرسیارم کرد و بەمنیان گوت ، ئەم گۆڕە هی گەنجێکی خەڵکی ئاڵمانەیە و خۆی بەر لە مردنی داوای کردبوو لە پاڵ براکانت ئەسپەردەی خاک کرێت . لەو کاتە هەستیارەدا دایە بەهیە عەکسەکانی کاک فوئادی هێنا و بەم دوو کۆپلە شیعرە دەستی پێ کرد .

موبارەکی بێ بەرگی سپیی نۆ - دەورانی دونیا بەم لەونە مە بۆ ،

تۆ مەگرە لەدڵ دەردی جەوانی - بۆ کەس نە هاتوە ئاو لە زیندەگانی !

پاشان دایە وتی ، ئەو گۆڕە تازەیە هی کاک فوئادتانە و کارەساتی گیانبەخت کردنی لە وتارێکی ئازار شکێن بۆ ئەمجەد گیڕایەوە .

## هەڵسوڕانی سیاسی و تەشکیلاتی لە ورمێ!

پاییزی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی ئەمجەد لە ڕێکخراوی نهێنی کۆمەڵە لە ورمێ ئەرکی پێ سپێردرا ، کە لەو شارە کاری سیاسی و ڕیکخراوەیی خۆی بە ڕێوە ببات. ئەمما هەڵسوڕان و تێکۆشانی سیاسی ئەمجەد لە گەڵ تەشکیلانی نهێنی تەورێز و شنۆ هاوڕەوت دەبێت . لەو ماوەدا ئەمجەد لە ڕێکخراوەی نهێنی ورمی کاری دەکرد و هەڵدەسوڕا ،یەک دووجار بۆ دیداری بنەماڵە هاتەوە و ئەو دەورانە کە رژیم ناوچە و دەڤەری زۆرتری کوردستانی داگیر کرد ،پەیوەندی و هات و چوی ئەمجەدئاسان نەبوو و گرفتی جیدی بۆ پەیوەندی و دیدارەکانێ ئەمجەد و بنەماڵە خولقابوو . بەتایبەت هێرشی وەحشیانە و دەڕندانەی سپای ئیسلام بۆ سەر ژیانی جەماوەری شار و دێهات و وڵاتی کوردستان بەردەوام بوو . تەلفون و ئامێری پەیوەندی زۆر کەم بوو و ئەگەریش هەبوو سانسور کرابوو و لە هەمان کاتدا زۆر کز و لاواز و کاری نەدەکرد . کودەکانی تلەفونی کوردستانیان داخستبوو و ئیمکانی تەلفون کردن بۆ خەڵکی کورد و ئازادیخوازانی کورد هەر نە بوو .



ڕەزا و ئەمجەد

## دیل کردنی ئەمجەدلە لایەن پاسدارانەوە!

ئەمجەد لە ڕێکخراوەی ورمێ هەڵدەسوڕا و ماوەیەکی دوور و دریژ بوو  بێ پەیوەندی بوو و دوای ئەو هەموو کارەساتانە و گیان لە دەس دانی سێ برا ، زۆر نیگەران و پەریشانی بار و دۆخی بنەماڵە بوو . لە سەرەتاکانی جۆزەردانی ساڵی ۱۳٦۰ هەتاوی کە تازە تلەفونی کوردستان کەوتبوە کار و ئیمکانی پەیوەندی هەبوو ، ئەمجە بۆ ماڵی یەکێک لە دۆستانی زۆر خۆشەویستی بنەماڵەمان تلەفون دەکا، تا هەواڵی کەس و کار بزانێت . ئەو ماڵە پێ دەڵێن برایەکت لە سنە دەژی و تلەفونیان هەیە .بە خێرایی بۆ ماڵی براکەمان تلەفون دەکا و بە هەڵکەوت خۆشکی گەورەمان داد فایزە لە وی دەبێت  و لە گەڵ یەکترین قسە دەکەن . ئەمجەد لە پەیوندیەکەدا ئاگادار دەبێتەوە کە خۆشکم و کچی مامم بە تەمان  بۆ لای دوکتور سەفەری تاران بکەن . پاش گفتوگۆ ، وەعدەی دیدار لە شاری بۆکان کە پێشمەرگە شارەکەی حاکمییەت دەکرد دادەنین . ئەو کاتانە ئێمە چەند کەسمان کە پێشمەرگە بووین لەو دەڤەرە بووین و لە شاری بۆکان یەکترمان دیدار دەکرد . پاش ماوەیەک ئەمجەد و دادە فایزە و دادە فریشتە  کچی مامم  بە مەبەستی دیداری دوکتور و شفاخانە بەرەو تەورێز سەفەریان کرد . ڕۆژی یەکەم دەچنە ورمێ و لە ماڵی یەکێک لە هاوڕێیانی ئەمجەد ، دەمێنەوە و ڕۆژی دوایی بەرەو تەورێز سەفەر دەکەن و  دەچنە هوتیلی پارس . پاش ماوەیەک و تا ماندوویەتیان دەر دەچێت ، بە مەبەستی  نان خواردن بەرەو ناو شار دەچن . لە شەقامێکی ناو شار  هاوڕێ خۆشەویست کاک هوشەنگ تەوحیدی دەبینن . هاوڕێ هوشەنگ ئەوان بۆ ماڵەوە دەعوەت و بانگهیشتن دەکا  و ئەوانیش قەبوڵی ناکەن و وعد و قەرار دادەنین کە لە ڕەستوران یەکتر دیدار کەن . ماوەیەک هاوڕێیان سەعید ڕەحمان پوور و هوشەنگ تەوحیدی لە گەڵیان دەبن و دوای گفتو گۆ و قسەکردن ، ئەوان بەرەو هوتیل پارس ڕەوانە دەکەنەوە . ڕۆژێکی تر هاوڕێ هوشەنگ تەوحیدی لە ناوەندی ڕادیولۆژی شاری تەورێز ئەوان دیدار دەکاتەوە و دیسانەوە ، پێیان دەڵی کە فەرموون بڕوین بۆ ماڵەکەم و لە خزمەتدام .

خۆشکم  دادە فایزە داوا لـە هاوڕی هوشـەنگ دەکا کە بۆ دیدادری  ماجید  یارمـەتی بدات . لـەم پەیوەندیـەدا ، ماجید لـە زیندان بووە بـەڵام بـە ناوێکی تروە و بـە کەسێکی تورک زمان خۆی بە کاربـەدەستانی زیندان ناساندووە. ئێمە بۆ پاراستینی وەزعی نالـەبار و نـەناسینی ماجید ، زۆر تر تێدەکۆشاین هـەواڵی گرتن و زیندانی کردنی کـەمتر بڵاو بێتـەوە . و لـە پێناوی ئـەو ئامانجە، گرتن و زیندانی کردنی کاک ماجیدمان بە بنەماڵـەش نـەگوتبوو . تـەنانـەت خۆشکم ئاگاداری ئـەم پێشهاتـە نـە بوو . هاوڕی هوشـەنگ وڵام دەداتـەوە بـەیانی وەرە ماڵـەوە و تۆ دەتوانێت کاک ماجید دیدار بکـەێت . وا پێ دەچێت هاوڕێ هوشـەنگ ئاگادار بووە کە پرسی گۆڕینـەوەی کاک  ماجید لـە گـەڵ دیلـەکانی جمهوری ئیسلامی کە لـە زیندانی کۆمـەڵـەدا بوون ، بـەڕێوەیـە و بـەو هیوایـە ئاوا بێ شک وگومان وڵامی دادە فایزەی دابێتـەوە . ڕۆژی حـەوتی جۆزەردان لـە نزیک سـەعاتی یازدەی نێوەڕۆ دەچنـە ماڵێ کاک هوشـەنگ ، کە بـەهـەڵکـەوت هاوڕێ ئیسمایل یـەگانـەدۆستیش لـەوەی بووە . هاوڕێ هوشـەنگ چایی دەم دەکا و بـە ئـەمجـەد دەڵێت من دەچمـە حـەمامی دەرەوە ، ئـەگـەر سێ دانـە زەنگیان لـێ دا ، دەروازەکە بکـەرەوە . هاوڕی ئیسمایلیش بۆ کرێنی هـەندی شت دەچیتـە دەرەوە . پاش چارەکە سـەعاتێک  سێ دانـە زەنگ لـێ دەدەن  و ئـەمجـەد دەرگاکە دەکاتـەوە .
پیاوێک کە کراسی قووڵ کورتی لـە بـەردا بووە و کیفێکی بـە دەستـەوە بووە  ، خۆی  وەک کارمـەندی ئیدارەی دارایی کە بۆ کونترۆڵ و نوسینی مالیات هاتوە دەناسێنیت . ئـەمجـەد دەڵێت من میوانم . بـەڵام  لـەم پێشهاتـە زۆر نیگـەران و شک و گومان دەکات . بـە خێرایی خۆشکم دەڵێت ئـەمجـەد  تۆ بڕۆ دەرەوە  نـەکا مـەترسییـەک دامنگیرت بێت . ئـەمجـەد وڵام دەداتـەوە هـەرگیز ئـەو کارە ناکـەم  و من نیگـەرانی ئـەمنیـەتی هاوڕێکانم .  هاوکات ژمارەیـەکی زۆر کاپشنی ئامریکایی  کە هاوڕێیانی تـەشکیلاتی تـەورێز  بۆ پێشمـەرگـەکانی کۆمـەڵـە ئامادەیان کردبوو لـە حـەوشـەکە هـەڵواسرابوون و ئـەسباب و وەسایلی ماڵێکی تر کە خاڵی کرابوو لـە ناو حـەوشـەکـەدا بووە . پاش ماوەیـەکی کورت هـەم ئیسمایل و هـەم هوشـەنگ بۆ ماڵـەوە دەگـەڕێنـەوە  و ئیسمایل دەس دەکات بـە چیشت  لێنان و ئامادە کردنی خواردنی نیوەڕۆ  و هوشـەنگیش چای بۆ میوانانی تێ دەکا . ئـەمجـەد هاتنی ئـەو پیاوە و شک و گومانی خۆی  بۆ خاوەن ماڵ باس دەکات  و ئـەوان دەڵێن هات و چوی کاربـەدەستانی دەولـەتی ئاساییـە . هیشتا چایی لـە بـەردەم میوانـەکاندا بووە کە دیسانـەوە سێ دانـە زەنگ لـێ دەدەن و هوشـەنگ دەرگاکە دەکاتـەوە . هـەر هـەمان کابرا و ژمارەیـەکی زۆر پاسدار دەرژنـە ناو حـەوشـەکە  و ماڵـەکە گـەمارۆ دەدەن . کابرای اموری دارایی دەس دەکا بـە پشکنێنی ژوورەکان  و خیرا هاوڕێ ئیسمایل دەلێت: ئـەم ماڵـە هی منـە و بـەرپرسی هـەموو شتێکم  و ئـەمانـە هـەموویان میوانن . هاوڕێ هوشـەنگ هـەندی سـەند و بـەڵگـە  کە لـە گیرفانی خۆی بووە تـەحویلی دادە فایزەی دەدات  و دەڵێت ئـەم سـەند و بـەڵگانـە لـە ناو بـەرە . هاوکات بۆ لـە ناو بردنی بـەڵگـە و سـەندی تر کە لـە گیرفانی ماوەتـەوە دەچێتـە توالیت . کابرای  دارایی لـە پاسدارەکان تورە دەبێت کە بۆ ئیجازەیان داوە ئـەو بۆ توالیت بچێت . کچی مامم و هاوڕێ ئیسمایل   دیل دەکـەنو ،هاوڕی هوشـەنگ و ئـەمجـەد و دادە فایزەش دیک دەکـەن و پێکـەوە دەیانبـەنـە بینای کۆنی ساواک . دادە فایزە ئـەو بـەڵگـە و سـەندانـە کە  تـەحویلی درابوو بـە شێوەیـەکی بیرمـەندانـە لـە ناو دەبا . لـە ناو ڕێگا ئـەمجـەد پێناسـە درۆینـەکەی  خۆی فرە دەدات ، بـەڵام دەڵێن  نـەهاتی شاخ و کلکی نیـە

ڕاسته و پێناسەکە لە سەر تایەری یەدەکی ماشینەکە گیر دەکات و دەکەوێتە دەستی جەنایەتکارانی ئیسلامی . لەو کاتەوە ئیسمایل ، ئەمجەد و هوشەنگ دەبەنە ژووری تاکە کەسی و بۆ شکستی ورە و ئیمانی ئەوان ئەشکەنجە و ئازاری سەخت و تاقەت پڕووکین دەس پێدەکا . هەموو شێوەکانی ئەشکەنجە و ئازار وەک : هەڵاوسین،شەلاقکاری و بەستنەوەبە میلەی ئاسنی، لە سەر جەستە و لەشی ئەم سێ کەسە تاقی دەکەنەوە . یەکێک لە خەباتکاران کە ئەو کاتە لە زیندان بووە و لە دالانی زیندان تێپەر دەبێت ، بەچاوی خۆی بینیویە و گیرایەوە کە ئیسمایل و ئەمجەدیان بە نەردەی پەنجەرەی زیندانەوە هەڵواسیبوو . بەرخودان وخۆڕاگری و فیداکاری ئەم دووانە ،چاوەڕوان کراو بوو و هەرچی لە دەستیان هات دریغیان نە کرد .

ئەمجەد لەم ماوەیەدا بە شێوەی نهێنی دوو جار توانیبووی لە گەڵ خۆشکە فایزە پەیوەندی بگرێت و سەبارەت بە بارودۆخی جەستە و چونیەتی لێپرسینەوە و پرسیارەکان هاوفیکری و ئاڵ و گۆڕی بیر وباوەڕ بکەن . دوای تەقاندنەوەی دەفتەری جمهوری ئیسلامی لە حەوتی خەرمانانی ١٣٦٠ ی هەتاوی خێرا لە زیندانەکانی تاران و تەورێز زیندانیە سیاسیەکانیان کوشتار و قەڵاچو کرد . هەر ئەو شەوە لە زیندانی تەورێز یازدە زیندانی سیاسیان و لەوانە ماجید و ئەمجەد و هاوڕێیان ئیسمایل یەگانەدوست و هوشەنگ تەوحیدیان تیرباران کرد .

شایانی باسە کە ئەمجەد تەنیا یەک مانگ لە زینداندا بوو ، لەو ماوەیەدا بێ موحاکەمە و وەکیل و دیفاع لە خۆ و بێ دادگا ، دەستوری تیربارانی درابوو . لە حەوشەی زیندان ئەو کاتەی کە زیندانیە سیاسیەکان بە مەبەستی تیراباران کردن ڕادەوەستێنن ،ماجید کتوپڕ ئەمجەد دەبێنیت و بۆ ساتێکی کورت و تیژپەڕ یەکتر لە ئامێز دەگرن و سەربەرزانە لە بەرانبە دوژمندا ڕادەوەستن و دەستڕێژیان لێ دەکەن و تەقەی دوژمن هەرگیز نەیهێشت تاسەیان لە یەکتر بشکێت . لە ئاخرین نامەی کاک ماجید کە بۆ کۆمەڵە و دایک و باوک و برا و خۆشک نوسیویەتی ، سڵاو و ریزیشی بۆ ئەمجەد نوسیوە و ئەم هەڵویستەی ماجید بە ئاشکرا نیشانی دەدا کە ، ماجید لە دیل کردنی ئەمجەد ئاگادار نە بووە .



ئەمجەد و هاورێکەی

## گواستنەوەی تەرمەکانی ماجید و ئەمجەد بۆ تاڵەسوار لە ئاڵمانە !

کاتێک دایکم هەواڵی کوشتنی چوارمین و پێنجمین منداڵی بیست ، خێرا لە گەڵ چەند کەس لە فامیل و دۆستانو خزمان بەرەو تەوریز سەفەری کرد . دایکم دەچیتە دادگای شۆڕش و لەوی بەرپرسی زیندان دایکم دەبینیت و دەڵێت ؛ تۆ دایکی ئەمجەد و ماجیدی ؟ دایکم پرسیاری لێدەکا جۆن زانێت من دایکی ئەمجەد و ماجیدم ؟ زیندانوان وڵام دەداتەوە شەباهەت و لە یەک چونی تۆ و ماجید و ئەمجەد بەئاشکرا دیارە . پاشان دەڵێت دایە دڵم بۆت دەسوتێت .دایە بەهیەش وڵامی دەداتەوە و دەڵێت : ئەگەر دڵت دەسوتێ چۆن حوکمی تیربارانی دوو کوڕی تری منت داوە ؟ لە حاڵیکدا دەتزانی کە خەڵخاڵی دوو کوڕی منی ئیعدام کردووە .و چەمرانیش بە هیزی گەورەی نیزامی و هیلیکۆپتر کوڕە گەورەکەی منی کوشت .

لە دادگای شۆرش دایکم جل و بەرگ و وەسایلی ماجید و ئەمجەد وەر دەگرێت. خێرا دەس بەکار دەبێت ، تا تەرمی ئازیزان ماجید و ئەمجەد لە تەورێزەوە بۆ ئاڵمانە بگوازێتەوە . هەموو تێکۆشان و سەعی دایکم ئەوە بوە کە تەرمی ماجید و ئەمجەد لە ئاڵمانە و لە گۆڕستانی تالەسوار ،لای سێ برای تر کاک فوئاد ، کاک حسین و کاک ئەمین ئارام و ئوقرە بگرن .
بەرپرسانی حکومەتی موخالێفەتی زۆر دەکەن و بەهانە و گرفتی ئاینی باس دەکەن ، کە ئەوان بەخاک سپێردراون و گوناهە لە گۆڕ دەریان بێنن . کاتێک دایکم لە سەر قسەی خۆی دەچێت و نرخێک بۆ بەهانە و پەڵپی ئەوان دانانێت ، ئەمجارە پرسی ئیدارەی بیهداشت مەترح دەکەن ، کە هەرگیز ئیدارەی بیهداشت ناهێڵێت تەرمەکان لە گۆڕ دەر بێنن. بەڵام بە هیمەتی بەرز و سەعی شەوانەو ڕۆژانەی هاوڕێکانی ئەمجەد و ماجید لە تەورێز هەموو گرفتەکان دەرباز دەکەن و پاش هەشت رۆژ لە تێپەڕ بوونی ئەسپەردە کردنی تەرمەکان ، دایکم بە هاوکاری هاوڕێیانی خۆنەویست و خۆبەخش ، تەرمەکان لە گۆڕ دەردێنێت و بەرەو ئاڵمانە دەیان گوازنەوە . دایکم هەمووجارێک دەیگوت کە هەمیشە بەو مرۆڤە خۆنەویست و خۆبەخشانە ی گوتویە کە بەختری نهێنی پارێزی و نەکا مەترسی تاڵ بەرۆکتان بگرێت ، یارمەتی نەدەن و دایکم خۆی هەموو کارەکان دەکات . ئەو هاوڕێانە هەرگیز پێشنیاری دایە قەبوڵ ناکەن و لە هەموو پرۆسە و پێڤاژەی هەڵکەندنی گۆڕەکان و دەرهێنانی تەرمەکان و ڕەوانە کردنیان بەرەو سنە و مەریوان بەشداری زۆر نەترسانەیان بووە . کاتێک دەیانەوێت تەرمەکان لە سەر بار بەندی ماشینەکە دانێن ، دایکم بۆ بەرز کردنەوەی سەندووقی تەرمەکان یارمەتی دەدا و سەندووقەکان لە سەر سەری دادەنێت . لەم کاتە هەستیارەدا و پاش هەشت ڕۆژ لە گۆڕ نانی ماجید و ئەمجەد ، خوێنی سووریان فیشقە دەکات و لە سەر سینگ ، سەر ، دەم و چاوی دایکم لرفە دەبەستێت و دێتە خوارەوە . ئەم کارەسات و دیمەنە هەموویان تووسی پەژارەیەکی خەمئاوی دەکات و خۆیان پێ ڕاناگیرێت و هەموویان خۆیان بە سەر و شانی دایکم ئاویزان دەکەن و هەڵدەواسن . لەم کاتەدا دایکم بە هەموویان دەڵێت : هەر کام لە ئێوە ماجید و ئەمجدن و من دایکی هەمووتانم . دایکم دەیگێڕایەوە کە یارمەتی و فیداکاری و خۆنەویستی ئەو ئازیزانە ، خەمی قورسی منی ، سووک کرد . دایکم دەیگوت هەستێ عاتیفی و میهرەبانی من بە نیسبەت ئەو ئازیزانە ، لەو ماوە

کورتەدا زۆر بێگەرد و سەمیمانە و دڵسۆزانە بوو و ئەوانیش بەچاوی ڕێز و خۆشەویستی و ئیحترامەوە ، یارمەتی منیان دا . پەیوەندیەکانمان لەو ساتانەدا دولایەنە و پڕ و لێوالێو لە ڕێز و حورمەت بوو .

کاتێک لە تەوریزە بەرەو بیجاڕ ، سنە و مەریوان دێن ، لە ناو ڕێگا و لە چەند جێگا باران وەک سێڵاوی بەهاری و بەتوندی دەبارێ . هەورە تریشقە و لێزمەی باران هەر کۆتایی نەدەهات و ڕەوتی سەفەرەکەی هێواش کردبووەوە . لەم کاتە پڕ لە ژان و خەمەدا شوفێری ماشینەکە ، خێتاب بە دایە بەهیە دەڵێت : دایە ئاسمانیش ئارامی لێ براوە و بۆ دایکێکی وەک تۆ خەمبار و دڵ بریندارە و ، بۆیە خوڕ خوڕ دەگرێ !

لەم سەفەرەدا چەند کەس لە خزمان و دۆستان بۆ گواستنەوەی تەرمەکان لە تەورێزەوە تا ئاڵمانە یارمەتی دایکمیان داوە ، کە بەخاتری سانسور و هەل و مەرج و بارودۆخی پولیسی کە لە ئاستێکی بەرزدا بووە، لە ناو هێنانیان خۆم دەبویرم. بەڵام هەتا هەتایە هەموومان سپاسبژێری فیداکاری و میهرەبانی و هیمەتی بەرزی ئەوانین .



## نامەکان و هونراوەکان و بیرەوریەکان !

خەڵکی خەباتکار و بەئەمەگی کوردستان ، بە شێوەی جۆراوجۆر ، هاوبەشی خەم و پەژارە و کۆستی ئێمەبوون و هەرکام بە لەونێک ئەو هاودەردی و سەرەخۆشی خۆیانە دەر دەبڕی .
هاودەردی ودڵنەوایی و خەمخواری ئەوان ، لە سەر مێشک و دڵی ئێمە باری قورسی خەمەکانی سووک کرد . بۆ دایکم کە تازە لە تەورێز گەڕابووەوە ،و ئێمە کە پێشمەرگە بووین و هێچکاممان لە مەریوان نەبووین و بە، بەتایبەت خۆشکی گەورەم فایزەش و کچی مام فریشتە خانم لە زیندانی تەورێز دیل و زیندانی بوون ، ئەوەی لە هێز و توانایاندا بوو بە مەبەستی نیشان دانی هاودەردی و دەستەبەر کردنی فەزای هێمن وڕەواندەوەی ژیانی دڵتەزین و پڕ لە تاڵی ،
کەسایەتی و شەخسیەتگەلی سیاسی و خەباتکاری کوردستان و لەوانە کاک سەلاح موهتەدی بە نامە ، کاک موسلیح شێخ الاسلامی "ڕێبوار "بە هۆنراوە و هاوڕێ نەجمەدین غولامی ستران

بێژی بەناوبانگ و شۆڕسگێڕی کورد ، کە سرودێکی لە شیعرەکانی کاک موسلیح بەناوی 'میوانی تۆن' خوێندوە ، هاودەردی و خەمخواری خۆیان نیشان داوە و سپاسیان دەکەین .

کە چۆڕاوەی بیر و فیکری ئەو شەخسیەتانە سەرمایەی بزووتنەوەی گەلی کوردن .

نامەی سەلاح الدین موهتەدی

شیعری میوانی تۆن هی کاک موسلیح

## بیرەوریەکانی هاوڕی عەبدوڵلای زەکەریایی!

ڕەزا گیان دوای سڵاو و حورمەتم ، بەراستی نوسینی بیرەوەریەکانی من و ئەمجەد پاش ٣٥ ساڵ زۆر دژوارە ، بەڵام من تێدەکۆشم هەندی لە بیرەوەریەکانم بنوسم . پەیوەندی برا گەورەکانمان بەستێنی بناغەی پەیوەندیەکان بوون، کە دەرفەتی ڕەخساند و من لە گەڵ ئەمجەد ئاشنا بووم. یەکەمین دیدارم لەگەڵ کاک ئەمین ، جەمیلی برام و ڕەزا و ئەمجەد پێکەوە بوو . کە بە خوێندنی هونراوەی "توتنەوانێکی هەژار " لە لایەن کاک ئەمینەوە دەستی پێکرد ، کە لە ڕاستیدا قاڵب و فورمی گوروهی خوێندنەوەی کتێبی هەبوو . چونکو من و ئەمجەد هاو تەمەن بووین ، بەشداری لەم گوروپە ، زۆر بە خێرایی بە پەیوەندیەکی زۆر هاوڕێیانە و بێگەرد گوڕدرا . و لە ڕەوتی خویندندا لە هونەرەستانی سەنعەتی سنە یەکترمان گرتەوە و فرە و فرەتر پەیوەندیمان پتەو تر و نزیک تر بووەوە . ئەگەر چی ئەمجەد لە کەش و هەوای شاردا گەورە نەبووبوو و بۆ خوێندن هاتبوە شاری سنە ، بەڵام زۆر زوو لە گەل فەرهەنگ و کولتور و پەیوەندیەکانی شار خۆی گونجاند و تێکەڵ بوو . تەمەنی زۆر نەبوو و خێرا دووچەرخە سواری ، موتور سواری ، وەرزشی فوتباڵ و مەلە کردن و ... فێر بوو . لە زەنجیرەی پەیوەندیەکانی منداڵانی گەڕەک جێگای خۆی بینیەوە و یەکێک لە یاریزانانی فوتباڵ و لە تیمی فوتباڵی گەرەک یاری دەکرد . ئەگەرچی ئیمکاناتی ئابوری و مالی لە ئاستێکی نزمدا نەبوو بەڵام ئەمجەد هەمیشە جل و بەرگی خاوێنی لە بەر دەکرد و موی سەری شانە دەکرد و لە پۆلدا ئامادە دەبوو . دیار بوو کە بە ژیا ن و داهاتوو عەلاقەی تایبەتی هە بوو . ئەمجەد لە هەموو بوارەکانی خوێندندا سەرکەوتوو بوو . پاش وەر گرتنی دیپلۆمی فەننی لە ئەنستیتوی تیکنۆلۆژی ورمێ لە بواری خوێندنی کارەبا بەردەوام بوو . لە دەورانی ئاڵ و گۆڕە سیاسیەکانی سالانی ٥٧ و ٥٨ و خەبات دژی ڕژیمی شا ، خەباتی خۆی لە گەڵ شیوازی فیکری و ڕەوتی کۆمەڵە گرێ دا ، و بۆ وەرگرتنی شەهادە ی باڵا لێبڕاوانە تێدەکۆشا . ئەمجەد دەنگێکی خۆشی هەبوو و لە کاتی گونجاودا ستران و گۆرانی هەورامی و کوردی دەخوێند و هەموومانی خۆشحاڵ دەکرد . دڵی ئەمجەد دلۆڤان و میهرەبان بوو . هەر ئەم خەسلەتە باشانەی ئەمجەد ، بوە هوێ ئەوە کە خەڵکی ئاڵمانە خۆشیان دەویست . کەسانێکی تر لە مەدرەسە و دەبیرستان و لە گەڕەکدا خێرا لە گەڵ ئەمجدا ، دەبوون بە هاوڕێ . لە ماوەی چەند ساڵ هاوڕێیەتی من و ئەمجەد لە بیرم نایەت کە ناکۆکی و نێوانمان ناخۆش بووبێت . ڕەنگە دەلیلەکەی هاو تەمەنی ، پەیوەندی نزیکی سیاسی – کۆمەڵایەتی بووبێت .

ڕەزا گیان ، زۆر تر لە مە ناتوانم شتێکی تر بنوسم .لەو ڕێکەوتە و ئەو کاتانە جگە لە ئەمجەد من زۆربەی هاوڕێ ئازیز و باشەکانم وەک حەمەی چۆڕی ، جمیلی برام ، فەریدەی خۆشکم و ... لە دەس دا .کە هەرگیز بیرەوەریە پاک و بێگەرد و سەمیمانەیان لە بیر ناکەم .

عەبدولای زەکەریایی

2012 03 31

## نامەیەکی کورتی هاوڕێ عەلی مستەفازادە

سلاو ڕەزا گیان !

هیوادارم چاک و بەکەیف بێت .یەکەم با بلێم کارێکی گرینگ و بەنرختان دەس پێکردووە ودەستتان خۆش بێت . من ماوەیەکی کورت لە ورمێ لە گەڵ کاک ئەمجەد بووم .گەنجێکی خۆش سەلیقە ، بەدڵ نزیک و لێبڕاو بوو . پاش تەواو بوونی مەدرەسە هەموومان لە ماڵەکەی من وکامیل عەدنانی کۆ دەبوینەوە و تەقریبەن پاش تاریک داهاتنی ڕۆژ و شەوانە لە بەشێک لە شاری ورمێ بلاڤۆک و خەبەر نامەکانی کۆمەڵەمان بلاو دەکردەوە . دوای بلاو کردنەوەی بلاڤۆکەکان ، هەموومان دەگەڕاینەوە ماڵە گەورەکەی ئێمە و ئەمجەد بەو هەستە ناسکەی ستران و گۆرانی دەخوێند. بەداخەوە من دەرفەت و مەجالی زۆرم نەبوو کە فرەتر ئەمجەد بناسم . و لەو پێواژەیەدا من بەمەبەستی وەر گرتن و هەڵسوڕانی کاری نیزامی بەرەو سۆما و برادۆست سەفەرم کرد . بەلام ئیستاش، هیشتا سیما و ڕووخساری خۆشەویست و سەمیمی و بەدڵەوە نزیکی ئەمجەدم لە بیر نە کردووە . یادی ئازیزی بە خێر !

## نامی بەڕێز جەلیل جەلیلی بیستی جولای ۲۰۱۲

بۆ یادی ماجید و ئەمجەدی مستەفا سوڵتانی ! ۳۱ ساڵ پاش نەمانیان ، کاتێک یادی ئەو دوو هاوڕێ دەکەم و یا هەر کات ناوێک لە وان دەبردرێت ، بە خێرایی سیمای گەش وشادیان لە سەر پەردەی مێشکم ئامادە و دیارە .ماجید و ئەمجەد هەر دووکیان مرۆڤگەلی دلۆڤان و بە نرخ و بێ فیز و سەمیمی بوون . ئەمجەد بۆ دیداری برا گەورەکەی یانی کاک ماجید بۆ تەورێز رۆیشتبوو . زۆر تاسەی دیداری ماجیدی لەو رۆژە سەختانە کە چەندین مانگی خایاندبوو ، کردبوو .بەهاری سالی ۱۳٦۰ هەتاوی بارودۆخی سیاسی ئێران بۆ دژبەرانی جمهوری ئیسلامی سامناک تر دەبوو .ئەمجەد کە تائەو کاتە سێ برای لە دەس دابوو .فرە نیگەرانی تەندروستی و سلامەتی ماجید بوو. بۆیە فرە ئارەزووی دیداری ماجیدی دەکرد تا سوکنایی دڵی بێت .ئەمجەد پاش ماوەیەک بۆ دیتینی ماجید بەرەو تەورێز ڕۆیشت و من ئیتر ئەمجەدم نەدیەوە و داخی دیداری هەر لە سەر دڵم ماوە .ئەمجەد لە ورمێ یەکێک لە ئەندامانی سەمیمی و جێگای متمانەی کۆی لایەنگرانی کۆمەڵە بوو .ئەو خوێندکاری

ئەنستیتوی تیکنۆلۆژی شاری ورمێ بوو . هەر لە شاری ورمێ خەباتی دەکرد و لەو بەستێنەدا دژی حکومەتی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو، بەشداری خەباتێکی بێ وچان بوو . بڵاوڤۆکەکانی کۆمەڵەی لە ناو شاری ورمێ و زانستگا بڵاو دەکردەوە . لە کوڕ و کۆمەڵی بەر زانستگا و شەقامەکان کە باسی سیاسی و دیالۆگ ، سەرنجڕاکێش بوون بەشداری دەکرد . و روانگە و نەزارەاتی خۆی بە تاقەت و حەوسەلەوە بۆ گوێ بیستەکانی باس دەکرد . من یەکەمین جار لە هاوینی ساڵی ۱۳۵۹ لە ورمێ دیدارم کرد . ئەو لە گەڵ چەند هاوڕێ و هاوخەبات لە ماڵێکی کرێ گرتوو دەژیا . لە دیدارەکاندا پەیوەندیەکی سەمیمانە لە نێوان من و ئەمجەد پێک هاتبوو . ڕەنگە زۆرتر بە خاتر ئەوە بوو کە من تازە لە لای ماجیدی برا گەورەکەی هاتبوومەوە . سەرەتاکانی سالی ۵۹ من لە تەورێز لە گەل ریکخراوی کۆمەڵە کەوتم . ماجید یەکێک لە کاناڵەکانی پەیوەندیەکەی من و کۆمەڵە بوو . ماجید شەوێک لە گەڵ یەکێکی تر لە هاوڕێیانی کۆمەڵە بۆ ماڵەکەی من هات . لەو کاتەدا من و هاوڕێیەکی تر لەو ماڵەدا و لە یەک ژوور پێکەوە دەژیان . هەر ئەو شەوە من و ماجید دیالۆگ و باسێکی بەنرخی کورتمان هەبوو . ماجید هەواڵی تازەی کوردستانی بۆ من و هاوڕێکەم باس کرد و بەر لە ئەوەی لە ماڵەکەمان بچیتە دەرەوە هەندی بلاڤۆک و نەشرییەی کۆمەڵەی بۆ ئێمە بەجێ هێشت . خەبەرنامەکان و بڵاڤۆکەکان بەر لە کازیوەی بەیانی لە هەندی لە گەڕەکەکانی ورمێ بڵاو بونەوە. ئەم دیدارانە حەوتوویەک دوو کەڕت بوو و، تا چەند مانگ بەردەوام بوو . لەم ماوە کورتەدا پەیوەندی بەدڵەوە نزیک و هاوڕێیانە لە نێوان من و ماجید پێک هات و گەشەی کرد . ماجید هەر جار کە بۆ ماڵی من و هاوڕێکەم دەهات ، هەم هەواڵی تازە ی بزووتنەوەی کوردستانی دەگێڕایەوە و هەم هەندی گاڵتەی دەگوت و ئیمەش پێدەکەنین و کەیفمان دەکرد . چەند مانگ دواتر من چومەوە ورمێ و دیدارەکانی من و ماجید کۆتایی هات . ماجیدم یەک دوو جاری تر لە ئاخری سالی ۵۹ کە بۆ تەوریز سەفەرم دەکرد دیدار کرد و ئیتر هەر پێش نەهات دیدارم تازە کەمەوە . ماجید لە مانگی ڕێبەندانی ساڵی ۱۳۵۹ بەدەستی پاسدارانی جمهوری ئیسلامی دیل دەکرێت . کاتێک ماجێد تێدەگات کە جەلادانی جمهوری ئیسلامی بڕیاری ئێعدامی بە زوو ترین کات ئیجرا دەکەن ، وەسیەت نامەی خۆی بۆ دەرەوەی زیندان ڕەوانە دەکات . ماجید لەو وەسیەت نامەیە بە شێوەی زۆر جوامێرانە ، ئەڤین و عیشقی خۆی لە پێناوی خەبات و سوسیالیزم و نەفرەت لە حکومتی فاشیستی ئیسلامی دەر بڕیوە و تۆمار کردووە . بەشێک لەو وەسیەنامەیە لە خەبەرنامەی کۆمەڵە چاپ کراوە . ڕۆژی حەوتی جۆزەردان ۱۳٦۰ هەتاوی پاسدارانی جمهوری ئیسلامی بۆ پشکنین هێرش دەکەنە مالی ئیسمایل یەگانە دۆست و هەموو دانیشتوانی ماڵەکە و لەوانە ئەمجەد کە بە هەڵکەوت لە مالی ئیسمایل میوان بوە دەگرن . ئەمجەد و ماجید دوای ئەشکەنجە و ئازاردانێکی تاقەت پڕووکێن ، لە ڕێکەوتی هەشتی تیری ساڵی ۱۳٦۰ هەتاوی لە گەڵ چەند هاوڕێ تر و لە وانە ئیسمایل یەگانەدۆست، بەدەستی حکومەتی فاشیستی ئیسلامی لە زیندانی تەورێز تیر باران کران . یادی ئازیزیان بە خێر !